## ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی درووشمانە

دانا بۆتانی

ماوەک بەر لە ئێستا وا دەم دابوو بە هیچ جۆرێک نەقە نەکەم ئەگەر هاتوو لە سەر هەقیش بووم چونکە زۆرم بە چاوی خۆم دیوە ناحەق بوو! لە هەمان کاتیشدا خۆی لەم ولاتەدا بە خاوەن هەق زانیووە؟ و ئەمرۆش ئاغا ئاسا بە شۆڕشگێڕ خۆی هەڵدەداتەوە و یا ئەوەتا جوانتر بلێین مووچەی ڕێز لێنانی هەیە و لە سنفی پێشەوەی قارەمانەکانی ئەم ولاتە دانرێت. ئەوانە و چەندانی دیکە هەن ڕۆژانە بە بەرچاومان دێن و دەچن ئێمەش لە دوورەوە زەقەی چاومان دێت و هەمووشتێک بۆ ئێمە بەبڤە دێهێنە بەرچاو و ئەوانیش هەمووشتێک بە موڵکی خۆیان و هەقێکی شەرعی دەهێتە بەرچاویان. نامەوێت درێژە دادڕی بکەم و لە بابەتەکەی خۆشم دەرچم و خوێنەری ئازیز بێزار کەم لە هەمبەر ئەوەشدا ناتوانم لە هەندێ مەسەلەی گرنگ بازبدەم و خۆی لێ بێدەنگ بکەم چونکە نەقەڵەمەکە دەتوانێ لە هەق بێدەنگی بکات و نە منیش ناچار خۆم و قەڵەمە شڕەکەم دەردی دڵی خۆمان تەنیا لە سەر پەڕاوە بێگەرد و خەشەکان دەردەبڕین و ئەوانیش وەک ئێمە مات و زەلیل بێدەنگی دەکەن و چەند وتەیکی هەق و ڕەوان دەگرنە خۆیان ئەگەرچی زۆرجاریش دەزانن بە هەند هەڵ ناگیرێن و دەخرێنە بنێ گۆمێ واتە بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک و خوێندنەوەیەک بۆیان توور فڕێ دەدرێن و نەکەس خۆی بە خاوەنی دەزانێت و نەکەسیش بەرپرسیارە لێوە،بۆیەشە بە باشم زانی تۆزێک جیاوازی دوێنێ ئەمرۆ باسکەم، ئەگەرچی هەندێک کەس وای دەبینن ئەمە شتێکی باش نەبێت بۆ کەسێکی وەک من بەڵام وەک خۆم ئاسا شوکر بۆ خوا نەهیچم هەیە لە دەستم بچێت و نە خاوەنی کورسێکی ئەوەتۆم لە لاق بوونی بترسێم باشتر وایە بچمە سەر ئەسەڵی مەسەلەکە . لێرەوە چەند پرسیارێک ئاراستەی خاوەن دەسەڵات و حکوومەتی ئەمڕۆی کوردستان دەکەم.

ئەرێ بەراست خاوەن دەسەڵات و وەزیرەکان بووە لە نەخۆشخانەیەکی وەک فریاکەوتن سادەترین پێداویستی نەخۆش نەبێت و بچێتە دەرەوە و لە نەخۆشخانە تایبەتیەکاندا بکرێت و بگەڕێتەوە هەمان نەخۆشخانە، تەنیا بۆ دەرزیەک کە نرخەکەی لە دەرەوەی نەخۆشخانە دەیکرد 1000 دینار و کە دەکاتە 6/500 شەش دینار و پێنسەد فلس، ئەمە بەڕەوا دەبینرێت. لەمەش گەرێ ئەگەر هاتوو وتتان هەیە و بەڵام بۆی هەیە تەواوبێت ئەوەمن دەبێژم ئەوەکاتەی کە نەخۆشەکەی ئێمە لە هۆڵی نەشتەرگەریی بوو هێشتاکە چوار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکی ئێوەی نەکردبوو!؟

ئەرێ بەڕاست جەنابی وەزیری تەندروستی بۆچی لەکەس ناپرسی بووە لە نەخۆشخانەیەکی وەک فریاکەوتن پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکان لە ماڵ دانیشێت و بە تەلەفۆن بهێتە نەخۆشخانە لە کاتێکدا پێویستە بە بەردەوامی لە نەخۆشخانەیەکی وا گەورە کە زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤی سادەی کورد ئاسا رووی تێدەکەن ئامادەبن و ئێشکگری تایبەتی خۆیان

هەبێت؟.
ئەرێ بەڕاست سەرۆکی حکوومەت و جەنابی وەزیری تەندرووستی دەتوانیت تەنیا بۆ ساتێک جەنابتان  لە ژێر سپلیت بێنە دەرەوە بزانن کەش و هەوا چۆن و تا چەند پلەی گەرمی بەرزبۆتەوە ؟
ئەرێ بەڕاست خاوەن شکۆیان و ماف بەدەست و خاوەن مولْک و بەڕێوەبەری خەلْک و خزمەتکارەکانی کورد و کوردستان چۆن دەتوانن چاو ببۆشن لە کەم و کورتی دەرمان و  بێ جێ و ڕێی نەخۆشخانەی فریاکەوتن؟.
ئەرێ بەڕاست خاوەن دەسەلآت و جەنابی وەزیر نابێت تەنیا رۆژێک سەردانی نەخۆشخانەکان بکەیت و یا ئەوەتا ئەگەر هاتوو جەنابتان نەشتان توانی بەهۆی کاری زۆر و کۆبوونەوەی بەپەلە هەرنا موراقیب و  کەسێکی دلْسۆزی فایل خاوێن بنێرن بۆ نەخۆشخانەکان و بە تایبەتی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بزانن ئەم خەلْکە لە چ مەئەساتێکدا دەژیت، ئەوەتانێ بە دەخەوە لە سەردەمی عەولەمە و ئەنتەرنێت دا هێشتانەکە خەلْک ئاوی گەرم دەخواتەوە و لە هەمبەر ئەوەش شوکر بۆ خوا تەنیا یەک دانە گلاسیشم نەبینی ئەو خەلْکە بەستەزمانە ئاوی پێ بخۆنەوە؟.
ئەرێ بەڕاست جەنابی وەزیر و خاوەن شکۆیان سەیرم لێدێت لە ولآتێکی وەک ئیمارات و ئەگەر نەمرین دەلْێن بۆی هەیە وەک سعودیەشمان لێبێت، کەچی هێشتا بریندارە هەژارەکانمان و مرۆڤە کەم دەرامەتەکان ئەگەر ڕۆحیشی دەرچێت شوکر بۆ خوا بەنجی لێنادەن و  دەلْێن ڕۆژە ئەوە مادەمێکی  بەنجی پێویست نییە؟!.
ئەرێ بەڕاست خاوەن دەسەلآت و وەزیر و کورد پەروەران توخوا نامەوێت لێم زوویربن ئەگەر هاتوو هەندێک ڕاستیتان پێ دەلْێم بەدەم رووت و دەم درێژم تێمەگەن، نازانم ئێوە مالْەکانتان چۆنە بەلآم ئەوەی بیستبم و یا ئەوەتا وەزیفە و دایرە و هەندێک جار وابووە بە هۆی هەندێ کاری ڕۆژنامەنووسیەوە بینوومە ژوورەکانتان لە بەهەشت و  خەزێنەکانتا سوپاس بۆ خوا لە فیرعەونەکان دەچێت. ئەرێ توخوا نالْێم نەخۆشخانەکان بەراورد بکەن لەگەلْ مالْەکانتان بەلآم نە بەم جۆرەش بیری لێنەکەنەوە و  ئەمانیش کوردن دلْنیاشم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم مرۆڤانە سەریان بۆ هیچ ناپیاوێ و  لە هەمبەر ئەوەشدا خۆ هەرنا فایلەکانیان سپین و  خەتی سووریان لە سەر نییە!؟ ئەگەر زەحمەت نەبێت بزانیت چەندە ژوورەکان پیس و  پۆخەلە هەر لە دیوارەکانیان بگرە هەتا دەگا بە سەقفەکانیان نەوەک هەر خاوێن نییە بەلْکو زۆر پیسیشە چونکە بەداخەوە تەنیا کوردە ئاساییی دەلْێن: هەرمنی تیا دەنەبوو یا ئەوەتا بلْێن منی پێوەنەبووە. لێرەدا دەلْێم بە داخەوە دوای ئەو هەموو قوربانیدانە و ڕپەڕینە مەزنەکە و  کۆچ رەوە نا ئاساییەکە کە دونیای هەژاند تازە بەتازە بەرپرسەکانمان فێرمان دەکەن و دەلْێن: تو خوا برۆ ئەولاوە ئەوە چیتە لەولاوە. ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی درووشمانە!؟.